شارێك لە زۆری قوتابیەكانی دەترسێ

لاپەڕە (٣)

ژیان

یەكەمین ژمارەی لە ١٩٩٤/٨/١٥ دەرچووە

سەردار عەبدولكەریم:

وێنە لێڵەكان: جیهاد، موجاهید، مقاوەمە، ئیحتیلال

لاپەڕە (٦)

هەفتەنامەیەكی سیاسی .. رووناكبیریی ئازادە بەشێوەیەكی كاتی (١٥) رۆژ جارێك دەردەچێت | ژمارە(٥٠) | كۆتایی(ئەیلول)ی ٢٠٠٤ | نرخی(٥٠٠) دینارە | September 2004

(یاسر)ی كوڕی (رەفسەنجانی) خەریكی دزینی شوێنەواری كوردستانە!

وێنەی گوندی (شوێ) كە كیلۆمەترێك لە گوندی(نژۆ) دوورە — لە كۆڤاری(شهرداری بانە) وەرگیراوە

ئەمڕۆ (رۆژهەڵاتی كوردستان):

ماوەی دوو هەفتە لەمەوبەر (یاسر رەفسەنجانی) كوڕی (عەلی هاشمی رەفسەنجانی) سەرەك كۆماری پێشووی ئێران و سەرۆكی ئێستای بەرژەوەندیەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران، بەچەند ئۆتۆمبێلێكی پڕ پاسەوان وچەندین ئامێری جیا جیای وەك (شۆڤڵ، حەفارە،و..هتد)بەشەو سەردانی گوندی (نژۆ)ی رۆژهەڵاتی كوردستانی كردووە كە (٥) كیلۆمەتر لە شاری (بانە)وە دوورە، بە مەبەستی دزینی ئەو شوێنەوارە مێژووییانەی كە لە سنووری ئەو گونددا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراو كوڕی (رەفسەنجانی) یە هیچ ڕێگری و لێپرسینەوەیەكی لەبەردەمدا نیە بۆهاتوچۆكردنی.... بۆ ل (٣) ←

ریفراندۆم و ڕێپێوانێكی سەرتاسەری

ئەمڕۆ(مراد جەعفەر: لەندەن):

بڕیارە رۆژی ٢/١٠/٢٠٠٤) كۆمەڵەی ریفراندۆمی لەندەن و ئەوروپا لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا ڕێپێوانێكی بەرفراوانلە پیچناوی سەربەخۆیی كوردستان ئەنجام بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش كۆمەڵەی ناوبراو ئاگاداری سەرجەم كوردەكانی ئەوروپای كردووە كە لەو رۆژەدا بە ئالای كوردستانەوە بەشداری بكەن.

جێی باسە ئەم ڕێپێوانەی ریفراندۆم هاوكات دەبێ لەگەڵ ئەو ڕێپێوزانەی كە لە یەك رۆژدا لە هەرێمی كوردستانیش ئەنجام دەدرێ.

پزیشكی تایبەتی پێست و جوانكاری سەدام دەچێتە نەرویج

لە بانگەوازێكدا كە بلاویكردۆتەوە (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی كورد)داوا لەسەجەم دڵسۆزانی گەلەكەمان دەكات كە هەرچی زانیاری لەبارەی (د. عەلا بەشیر) پزیشكی تایبەتی پێست و جوانكاری (سەدام) هەیە بۆ ناوەندی ناوبراوی بنێرن. لە بانگەوازەكەدا كە دانەیەكی دەست(ئەمڕۆ) كەوتووە، هاتووە:

عەلا بەشیر ئەو تاوانبارەی لە ساڵی ١٩٨٣ وە تا دوا كاتی دەسەڵاتداریەتی ڕژێمی بەعس پزیشكی تایبەتی نەشتەرگەری پێست و جوانكاری سەدام بوو، ئێستا بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی (ئافتن پۆست)ی نەرویجی لەبەرواری ٢٢-٩-٢٠٠٤ دەیەوێت لە قەتەرەوە بێت بۆ نەرویج لە یەكێك نەخۆشخانەكانی تۆسلۆ كاری نەشتەرگەری پێستی بدەنێ. لە ئێستاوە بۆ ڕێك خستنی كەمپینی بە دادگایی گەیاندنی داوا لە هەموو قوربانییانی دەست ئەو درندەیەو هەر كەسێكی تر لە هاوڵاتیان و پزیشكان دەكەین هەر زانیارییەكیان لەسەر تاوانەكانی ئەو درندەیە هەیە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی كورد –چاك ئاگادار بكەنەوە بۆ بە دادگا گەیاندنی

هۆزی جاف لە هەولێر كۆدەبنەوە

ئەمڕۆ(تایبەت):

ماوەی چەند رۆژێكە لە لایەن (سەرداری داوود بەگی فەتاح بەگی جاف) كە ناوبراو سەرۆكی هۆزی جافە و لە شارۆچكەی كەلار دادەنیشێ، كارتی بانگهێشتكردن بەسەر سەرجەم بنەماڵەكانی ئەو هۆزە دابەشكراوە بە مەبەستی كۆبوونەوەیەكی بەرفراوان لەشاری هەولێر ، كە بە پێی داوەتنامەكە رۆژی (٢/١٠/٢٠٠٤)بۆ ئەم كۆبوونەوەیە دانراوە.

جێی باسە پێشتر لەناو كۆبوونەوەیەكی بەرفراوانی ئەو هۆزە لە شارۆچكەی كەلار ، بەرپرسێكی دیاری ناو (یەكێتی نیشتمانی كوردستان) كە سەر بە هەمان هۆزە بە توندی رەخنەی لە (سەردار بەگ) گرتووە لە بەرامبەر ئەوەی كە ئەو كۆبوونەوەیەی هۆزی جاف لە شاری هەولێر ئەنجام دەدات و لە شاری سلێمانی ئەنجامی نادات.هەر بۆیەشە ئەگەری ئەوە هەیە كە كۆبوونەوەیەكی دیكەی ئەم هۆزە لە شارۆچكەی كەلار یاخود شاری سلێمانی ساز بكرێت.

بەمەش گومان دەكرێت لە پشت ئەو كۆبوونەوانە مەبەستێكی سیاسی هەبێت.

بەهۆی مردنی خوێندكارێك لەڕاپەڕین

بەڕێوەبەری ئامادەیی (گوڵان) بەرپرسیار دەكرێت

ئەمڕۆ سلێمانی:

رۆژی (١١)ی ئەم مانگە لە(ڕاپەڕین) خوێنكار (هەردی عومەر مەحمود)بەشێوەیەكی كتوپڕ لەناو ماڵی خۆیدا گیانی لەدەستدا.لەم بارەیەشەوە كەس و كاری ناوبراو بەڕێوەبەری دواناوەندی گوڵان بەر پرسیار دەكەن لە ردنی كوڕەكەیان .. بۆئەم مەبەستەش لەچەند پرسیارێكی (ئەمڕۆ)دا عوسمان عومەر برای هەردی عمەر هۆكاری كت و پڕی براكەی ئەگەڕێنێتەوە بۆ خراپی بەڕیوەبەری ئامادەی ناوبراو لەبەرامبەر براكەیدا..

هەر بۆئەم مەبەستەش ژمارەیەك خوێنكارانی ئامادەی گوڵان ڕێپێوانێك بۆ بەردەم وەزارەتی پەروەردە سازدەكەن و چاویان بەبەڕێز وەزیری پەروەردە دەكەوێ هەروەك بۆ هەردی عومەر دەڵێ:وەزیری پەروەردە پەیمانی لابردنی مامۆستا(ئازاد فاتیح كەریم) بەڕێوەبەر لەو ئامادەییەدا.لەلاپەڕە(٣)دا زیاتر لەم بارەیەوە بخوێنەرەوە.

ئەنسارێكی كورد لە فەلوجە دەكوژرێ

ئەمڕۆ (سلێمانی):

رۆژی (٢٠)ی ئەم مانگە هەواڵی كوژرانی(سەلام حەسەن گڵەزەردەیی)كە چەكدارێكی سەر ئەنسارولئیسلام بوو راگەیەنرا، ناوبراو دانیشتووی گەڕەكی شەهیدانی سەرچناری شاری سلێمانی بوو و لە شەڕەكانی ئەم دواییەی شاری فەلوجە كوژراوەو تاكو ئێستاش تەرمەكەی نەگەڕاوەتەوە، پێویستە بگوترێ كە ناوبراو ماوەی (٦) ساڵە لە ریزەكانی ئەنسارولئیسلامە.

لێپرسراوی ناوچەی (سمێلان)ی پارتی لە هاوڵاتیەك دەدات

ئەمڕۆ (دۆڵی روست):

رۆژی(٢٣)ی ئەم مانگە لە ناحیەی سمێلانی دۆڵی روست (عەلی سەلمان) ناوێك كە لێپرسراوی ناوچەی پارتیە، لەسەر لەحیم نەكردنی دەرگاو پەنجەرەی ماڵەكەی، لەگەڵ ئەندام ناوچەكانی لە هاوڵاتی (عوسمان حەمەدەمین) دەدات و هەموو گیانی دەشكێنن.

ئاسایشی چۆمان، هاوڵاتیەك دەگرێ

ئەمڕۆ (دۆڵی روست):

رۆژی (٣٥) ئەم مانگە هاوڵاتی (رەسول حەسەن رەسول)كە خەڵكی (چوارقورنە) یە بە سەردانێك دەچێتە ماڵێكی ناسیاوی لە قەزای (چۆمان)، بەڵام هەر ئەو رۆژە بەبێ تۆمەت لە لایەن ئاسایشی چۆمانەوە بۆ ماوەی رۆژ دەگیرێ ودواتر بەبێ هیچ لێپرسینەوەو پرسیارکردنێك رۆژی (٢٦) مانگ ئازادی دەكەن.

لەسەر كەركوك تورکیا هانا وەبەر كوفی ئەنان دەبات

ئەلزەمان:

عەبدوڵلا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە دیداری چەند رۆژی رابردووی لەگەڵ كوفی ئەنانی سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان داوای لێكرد كەچاودێری بكاتە سەر مەسەلەی كەركوك، ناوبراورایگەیاندووە:(وەك چۆن عێراق بووە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بچوك ئاواش كەركوك عێراقێكی بچوكە).

وەزیری دەرەوەی تورکیا داوای لە ئەنان كردووە كە رێگەچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەر بە هەڵمەتی وەك خۆی گوتویەتی (گۆڕینی دیمۆگرافیای كەركوك)بگیردرێت و نەتەوە یەكگرتووەكان لەو مەسەلەیەدا سەنگ و توانای خۆی بخاتەگەڕ.

پێویستە بگوترێ كە تورکیا بەردەوام پڕوپاگەندەی ئەوە دەكات كە گەڕانەوەی كورد بۆ كەركوك و ئەوانەی بەدەستی رژێمی پێشوو لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەركراون بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای كەركوكەوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەوەی بكرێتە شارێكی كوردی.

لە (سەراوی سوبحان ئاغا)

گەنجێك بریندار دەكرێ

ئەمڕۆ(شارەزوور):

شەوی (٢٥)ی ئەم مانگە هێزێكی سەر بە كەتیبەی دەبابەی (سەراوی سوبحان ئاغا) تەقە لە ئۆتۆمبێلێك دەكەن كە (٣) گەنجی گوندی (كنی سپیكەی پەرخ)ی تێدابووە، لەكاتی گەڕانەوەیان بۆ ئەو گوندە، گومانی ئەوەیان لێكراوە كە كەسانی تیرۆریست بن، ئەم (٣) گەنجە كە ناویان(ئەرسەلان، محەمەد ، كەیوان) بووە لە ئەنجامی تەقە كردنەكە یەكێكیان بریندار دەبێ و، هەر ئەو كاتەش دەگیرێن و دەبرێنە ئاسایشی هەڵەبجەی شەهیدو دوای (٢/)رۆژ ئازاد دەكرێن. جێی باسە ئەم رووداوە بەر لە رۆژێك بوولە ئەنجامدانی مەشقی سەربازی زیندوو(سەراوی سوبحان ئاغا) ، كە بەڕێز (تاڵەبانی) فەرماندەی گشتی (ه. پ. ك)ی یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئامادەی بوو، بۆ ئەم حاڵەتی ئامادەباشی لەرووی ئەمنییەوە بەر لە ئەنجامدانی مەشقەكە لە ئارادابووە.

لە (میاندواو)

بەڕێوەبەری پۆلیس دەكوژرێ

(پەیامنێر):

لە پێكدادانێكی چەكدارانەدا كە لەگوندی (سێ تەپە) ی سەر بە شاری میاندواو رووید ا، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو شارە و ئەفسەرێكی گەورەی سەر بە دەزگای ئیتلاعاتی ئێران كوژران . ئاژانسی دەنگوباسی (ئیسنا) ی ئێرانی كە ئەو هەواڵەی بڵاوكردۆتەوە، رایگەیاند پێكادانەكە لەنێوان كۆمەڵێك چەكداری نەناسراو و هێزەكانی ئاسایشی نێوخۆدا رووید اوە . هاوكات قایمقامی شاری میاندواو ئەو هەواڵەی پشتڕاست كردەوەو، راگەیاند كە :(هێشتا نەزانراوە كێ لەپشت تیرۆركردنی ئەو دوو بەرپەسەوەیە).

لە ئەستەمبوڵ،

یەكەم خولی فێربوونی زمانی كوردی دەكرێتەوە

بە پێی هەواڵی تۆڕی تەلەڤزیۆنی CNN turk رۆژی (٢٧)ی ئەم مانگە لە ئەستەمبۆل یەكەمین ناوەندی فێربوونی زمان كوردی بەیارمەتی كۆمپانیای (دیل بۆی) كرایەوە كە (١٢) مامۆستای دەرچووی زانكۆی ئۆپسالای سویدی وانەی تێدا دەڵێنەوە. بڕیار وایە لە ٤-١٠-٢٠٠٤ وانەكانی دەست پێ بكات، تا ئێستاش (١١٧) كەس ناوی خۆیان بۆ فێربوونی زمانی كوردی تۆمار كردووە، نرخی فێربوونیش لەم سەنتەرە ١٠ ملیۆن لیرەی تورکییە.

لە لاپەڕە (٤)

وەلامێكی زمانحاڵی وەزارەتی شارەوانی (ئیدارەی سلێمانی)

لەلاپەڕە(٦)

دكتۆر(كەمال سەید قادر):

چۆن بەرەنگاری گەندەڵی ببینەوە؟

بخوێنەوە